وەزارەتی پێشمەرگە: بە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان هێرشکرایە سەر یەکێک لە بارەگاکانمان لە چەمچەماڵ

وەزارەتی پێشمەرگە، ڕۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند کە یەکێک لە بارەگاکانی لە قەزای چەمچەماڵ سەر بە پارێزگای سلێمانی، ڕووبەڕووی هێرشێکی نوێ بووەتەوە لە ڕێگەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانەوە.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا، ئاماژەی بەوە کردووە: "شەوی ڕابردوو گروپێ تیرۆریستییە لەیاسا دەرچووەکان جارێکی دیکە دەستیان داوەتە کارێکی تێکدرانە و لە ڕێگەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی بەمبەڕۆکراوەوە بارەگایەکی هێزەکانی پێشمەرگەیان لە سنووری قەزای چەمچەماڵ کردووەتە ئامانج."

هەروەها ڕایگەیاندووە: "ئێمە بە توندی سەرکۆنەی ئێم هێرشە دەکەین کە ئامانجی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکەیە"، جەختیشی کردووەتەوە کە "دووبارەبوونەوەی ئێم هێرشە تیرۆریستییانە بە سەر بارەگاکانی پێشمەرگە لە کاتێکدایە کە ناوچەکە بە گشتی بە قەناغێکی هەستیار و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت."

وەزارەتی پێشمەرگە جارێکی دیکە داوای لە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق کرد کە سنوورەکە بە ئێم دەستدرێژییە بە پاساوانە دابنێت کە بارەگاکانی پێشمەرگە دەکەنە ئامانج.